کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
3-10-2007 2:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاوەزو مۆراڵ، تاڵەبانی و (لەسێدارەدان) ... سیروان بابەعەلی



ڕۆشنگەریی لەئەوروپا، لەسەرەتایەکی ڕۆشنبیریی هزریی ماکیی (ماددی) فرەڕەهەندو بەربڵاوەوە دەستیپێکرد، کە پاشان بووە ئەلتاری گۆڕینو پاکژکردنەوەی مۆراڵی (تاك) و هەستە بەژەنگ ئالوودەکانی (مرۆڤ بە مرۆڤ) . ئەوکاتەی بەئاوەزییکردن (عەقلانیی) دیاردە ژیارییەکان بزوتنەوەیەکی مینۆکیی (ڕۆحی) لەهەناوی تاکەکاندا ڕەگاژووکرد، کە دیالێکتیکی کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خستەسەر ئاقارێکی تەندروست و ئاوەزمەند، مرۆی ئەوروپی گەیاندە مۆراڵێك کە هەر ئەوەندەی باوەڕی بە (نویٚ) یەك هێنا، کۆرپەخۆ لەهەناویدا ببێتە جێگرەوەو، هیچ بوارێك بۆ پەرگریی (تگرف) ی هەستەکان نەهێڵێتەوە، وە بیرو ئایدییا نوێیەکە پەیوەندییەکی ماکیی (ماددی) - کۆمەڵایەتی نۆژەنکراو دابڕێژێتەوە. واتە ئەمڕۆ ئاوەزی مرۆڤ، پاڵنەر (مۆتیڤ) ەو بڕیاردەری سەرەکی هەڵوێستی تاك (ئیندیڤیدیوم) و لەکۆی گشتیی خۆیدا هەڵوێستی سەرجەم کۆمەڵگاو گەشەسەندنێتی...

یەکێك لەڕابەرانی بزوتنەوەی ڕۆشنگەریی لەسەدەی هەژدە (ئیمانۆیل کانت) ە، ئەو دەڵێت: << ئەوەندە ئازایەتیت هەبێت، کە ئاوەزت بەڕێوەت ببات! >>...

تاکی ڕۆژئاوا، چەندە لە دژوارییی ئەو ململانێیەی ئاوەز لەبەرامبەر سایکۆلۆژیای خودی خۆی تێدەگەیشت، ئەوەندەش ڕەهەندی یەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێیەی بۆ بەرژەوەندی ئاوەزو لەبەرژەوەندی مروڤ بەهەند وەردەگرت. وە زیاتر لەوەیش بزووتنەوەی داکۆکی لەبیروڕای (خود) لەنێو تاکدا گەشەی کرد بۆ داکۆکی لە بیروڕای (تاکی بەرامبەر) . بۆیە هەوانتەنییە لەکاتی سووتاندنی پەڕتووکەکانی (جان جاك ڕۆسۆ) لەلایەن دەسەڵاتەوە، نەیارێکی هزریی خۆی کە (ڤۆڵتێر) ە بڵێت: << هەرچەندە بیروڕاکانت لەگەڵ بیروڕاکانم یەکناگرنەوە، بەڵام ئامادەم لەپێناوی هەر دانەیەکیان خۆم بەکوشتبدەم! >>... ئێستا بۆکەسێکی ڕۆژئاوایی زۆر ئاساییە؛ کە ئەگەر ئەمڕۆیش (کەسێك- پارتێك- بزووتنەوەیەك) بەنوێنەری خواستەکانی بزانێت، سبەینیٚ ئەودەنگەی لێبستێنێتەوەو ڕسوای بکات و بیداتە (کەسێك- پارتێك- بزووتنەوەیەك) ی دی. وەهەر ئەوئاکارەیش دانەیەکە لە خەسڵەتە زێدە گرنگەکانی نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سیستمی دێمۆکراسی، کە لەکۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا، لە سۆنگەی ئامادەنەبوونی ئەو پاشخانە ئاوەزییە، وە لەکاتی هاووردن (ئیمپۆرت) ی دێمۆکراسی، سیستەمی گەوجو گۆجو ناقۆڵای سیاسی وەك لەمەڕ ئێمەی لێدەکەوێتەوە (دیارە لێرەدا قسەمان لەسەر مەرجە " ئەنپرۆ- سۆسیال"ەکانی تری گەشەی کۆمەڵگا بۆ دێمۆکراسییبوون نییە) ...

بەڕای من گەورەترین ئاستەنگیی پانتایی ڕۆشنبیریی ئێمە، لەو بۆشایی (دیستانز) ە بیابانییەی، ئەپستمۆلۆژیای هزریی (لەبونیادگەرەوە بۆ پۆستمۆدێرن) ی ڕووناکبیرانی کۆمەڵگاو، چۆڵیی هزرو بیری دەسەڵاتداران لە (بەئاوەز بڕیاردان) دایە، کەتەنها فەرمانڕەواکان جڵەوی توانستەکانی گۆڕینی کۆمەڵگایان لەمشتەو پانتایی گۆڕانیان پاوانکردووە. هەربۆیە هەڵەیەکی ئەپستمۆلۆژییە کە زۆرکەس خەوشەکانی دەسەڵات لە (بێمۆراڵیی) دەسەڵاتدا دەبینن، لەکاتێکدا بەمۆراڵکردن پەتایەکی کوژەری ئاوەزی کۆمەڵگایەو، هەرچی (بەشکۆ گەیاندنی سەرکردەو، ستایشی کوێرانەو، ملکەچیی بێمەرج و، خۆبەکوشتدان و، پیرۆزاندنی کوژراوە "براکوژەکان"ە بەمەبەستی زیاتر بەکوشتدان)، دەرەنجامی پابەندیی ڕووتی مۆراڵ و دوورکەوتنەوەن لە ئاوەزمەندبوون!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

من لەو ڕوانگەیەوە دەمەوێت هەڵوەستەیەك لەسەر پرسی (لەسێدارەدان) بکەم؛
دەسەڵاتی لەسێدارەدان تەنها وێنای هەژموونی فیزیکی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە نییە بۆ لەناوبردن، بەڵکو دژایەتی و بەگژداچوونەوەی مرۆڤێکی "هەبوو"ە، بەرامبەر مانای "هەبوون"ی مرۆڤ لە پانتاییە فراوانەکەیدا.
لەناوبردنی بوونێکی هاوشێوەی خود، پەسنێکی بۆماوەیی سەردەمی بەر لە ئاوەزمەندیی مرۆڤە، کە مرۆڤ وەك هەر گیانلەبەرێك لەپێناوی مانەوەدا دەبوو لەخۆیبگرێت. بەسرووشتی و ئاسایی وەرگرتنی لەناوبردنی "مرۆڤ بۆ مرۆڤ" لەگەڵ گەشەی هۆشمەندیی و پێگەیینی شارستانییەتەکان کاڵدەبێتەوەو، لەدوای ڕۆشنگەرییەوە خورتتر کار بۆ نەهێشتنی دەکرێت...
منیش دژی لەسێدارەدان (کوشتنی یاساییم)، بەو باوەڕەی کە ڕەوانییە هیچ یاسایەك بۆ ڕەواپێدانی کووشتن بمێنێت. ئەو هەڵوێستە پەیوەستە بە بەرزەفتی ئاوەز بۆ سەرلەبەری (فیزیۆ- بیۆلۆژیا) ی خودو دوورکەوتنەوە لەبڕیاردان بە مۆراڵ...
لەئێستەوە قسەم لەسەر هەڵوێستەکانی (تاڵەبانی) دەبێت سەبارەت بەو پرسە؛ ئەو ئەوکاتەی خۆی لە بڕیاری لەسێدارەدانی (ێدام) دزییەوەو لەڕێگەی (جێگرەکانی سەرکۆمارەوە) ئەو پرسەی دیزەبەدەرخۆنە کرد، وەك "ڕامیارێکی ئاوەزمەند" نەك " ئاوەزمەندێکی ڕامیاریی" ئەو هەڵوێستەی نواند! ئەو بەهۆی ئەندامبوونی لە سۆسیالدیموکراتی جیهانیی و وەك ئەوروپییەکی ئاوەزمەند بڕیاری ئەو فێڵە یاساییەی نەدا، بەڵکو بەئاوەزی ئەوروپییەکان هەڵوێستی وەرگرت. واتە نەپەرچەکرداری مۆراڵیی دژە (ێدام) یی خەڵکو نە ئاوەزمەندیی ژیاریی و نە بڕوابوون بە پرەنسیبە مرۆییەکان پشکیان لەوێدانەبوو، بەهێندەی ئەوەی پراگماتیی زیادەڕەوو بەرژەوەندخواز " بەمانا مایکیافیلییەکەی" ئەوهەڵوێستەی نواند، دروست وەك نموونەی (ملدانی "تورکیا" بە هەبوونی کورد لەو وڵاتە، لەژێر فشاری ئەوروپییەکان!) ...
لەبەرئەوەیە ئەوکاتەی سەرکردەیەك ناتوانێ، نە بەئاوەزی کەسیی و نە بەمۆراڵی ئازارچەشتووی ڕۆژهەڵاتیی میللەتەکەی بڕیاربدات، گەورەترین خەمساردیی بەرامبەر ئاوەزمەندکردنی کۆمەڵگا خۆیدەنوێنێت!.
کەدەنگۆی لەسێدارەدانی (سلگان هاشم) ی قارەمانی جینۆساید کەوتە نێو شرۆڤەکانی ڕاگەیاندن، تاڵەبانی هەڵوێستێکی " ناچیزتر و ناجۆرتر" دەنوێنێت کە دژی لە سێدارەدانەکەیە، بەپاساوی پەیوەندی ڕابوردووی (سلگان هاشم) بە تاڵەبانی، ( (دیارە من لەم باسەدا کارم بەسەر ئەگەری دەستی ئەمەریکاو پەیوەندییەکانی "سیانەی سیاسەت، جەلال- بەرهەم – قوباد" بەو وڵاتەوە نییە!) )
ئەو خواستەی تاڵەبانی کرایە پرۆژەی دەستکاریی بڕیاری سزادان و پێشکەش بەپەرلەمانی عێراق کرا، بەڵام مۆراڵی ڕۆژهەڵاتیی نەیهێشت بە "ئەرێ" بڕیاری لەسەربدرێت و بەزۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە.
من وایدەبینم کەئەو دەربڕینانەی تاڵەبانی زۆر مرۆڤانەتر دەبوو، گەر بهاتباو بەباوەڕەوە بیگووتایە (لەبەر دژایەتی بۆ سزای لەسێدارەدان و کووشتنی مرۆڤ " ئەو مرۆڤە هەرکەس بێت" ڕەتی دەکاتەوە)، نەك دەربڕینی وا هەڵە...
تاڵەبانی لەو کەسانەیە کە لەکاتی دەربڕینە سیاسییەکانی، کەمترین کات بایەخدەدات بە میتۆدی کارو کاردانەوە (ئاکسیۆن و ڕیئاکسیۆن) . وە چەمکە ڕامیارییەکانی ئەو، کەمتر وەڵامن بۆ پرس و خواستی خەڵك و هەمیشە زۆرترین پرسیار دەورووژێنن...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەگەر قسەیش لەسەر ڕاڤەی بیروڕاکەی تاڵەبانی بێت لەهەمبەر ئەو کەیسە، من وا شرۆڤەی ناکەم کە (سلگان هاشم) ی " ئەوسا وەزیر"، پەیوەندی بە تاڵەبانی " ئەوسا سکرتێری پارتێکی لە دەوڵەت قاچاخ " هەبووبێت، بەڵکو من پێموایە پێچەوانەکەی بە لۆژیك ئاشناترە!

سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی، سەرەڕای تراژیدیاکانی ئەنفال و هەڵەبجەیش، جار هەبووە وەفدی بەرزیان ناردۆتە لای ڕژێم، کە تێیدا بەلای زۆرییەوە "گەمار" ێکی وەك (علی کیمیاوی) یان بینیوە!... ئیتر ئەو قسانە کێ دەیانکرێت؟

هەرچی پاساوی سۆسیالدیموکراتیی جیهانییشە، کە جووتە (سوپەرسۆسیال و پاندیموکرات) ەکەی پارتی و یەکێتی ئەندامن تیایدا، مەگەر هەر ڕێکخراوەکە خۆی پێکەنینی پێنەیەت! ئەگینا لە کوردستان هەمووکەس دەزانن، کە تاڵەبانی و بارزانی، ئەگەر ڕاستەوخۆیش بڕیاری ڕەشەکوژیی خەڵکیان نەدابێت، ناڕاستەوخۆ ئاگاداری زۆربەی کوشتوبڕەکانی "بەجیا دژی یەکترو پێکەوە دژی خەڵکن"، هەرچەندە من پێموایە لەناو پارتەکانیان (وما تسقگوا من ورقە ێلا یعلمون) ...

ئەگەر (سەدو هەشت) کەس لەپەڕلەمانی عێراق لایەنگری دەستکاریی یاسای سزادان بن، بەو مەبەستەی (سلگان هاشم) ڕزگاربکەن، کەواتە (پارتییەکانیش) دەنگیان بۆ داوە. ئەمە ئەوەدەگەیەنێت، کە چەندە ئەو کوردانە دوورن لەمۆراڵ، وە بێڕێزی بەومیللەتە دەکەن!. ئەگەر کەسێتیی ئەوانیش وەك ئەوتاوانبارانە نەبێت، وە بەمەحەکی ئاکاری سیاسی خۆیان و چەشەبوونی ڕابوردوویان نەخەملێنرابێت، چۆن دڵیانهات بەلایکەمییەوە بێدەنگی هەڵنەبژێرنو بڕیاری وابدەن؟

ئێمەیش دەبێت وەك هەمیشە لەسەر تەختی " تاوڵەی" سیاسەت، لەترسی " زارفڕێدان و جووتگرتنی" سەرکردەو، هۆشیاری دوژمنان دەست لەسەردڵ بین. وە مەگەر مێژوو بتوانێ بۆ هەڵوێستە دوور لە ئاوەزمەندیی و مۆراڵەکانی سەرکردە "شەڕکردە" کانمان ناوێکی سەیری پڕ بە پێست بدۆزێتەوە!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.